# چالاككردنى رۆڵى هێزى نەرمى میدیا لە چارەسەركردنى ململانێ سیاسییەكاندا (دەستەبژێرانى هەرێمى كوردستان بە نمونە)

فواد عەلى ئەحمەد[١]، هەرێم كەریم غفور[٢]
[١]بەشى راگەیاندن، كۆلێجى زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆى سلێمانى، شارى سلێمانى، هەرێمى كوردستان، عێراق
[٢]بەشى ژمێریارى، پەیمانگاى تەكنیكى چەمچەماڵ، زانكۆى پۆلەتەكنیكى سلێمانى، شارى چەمچەماڵ، هەرێمى كوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: fuad.ahmad@univsul.edu.iq

## مستخلص البحث باللغة العربية

تفعيل دور القوة الناعمة للاعلام في معالجة الصراع السياسي

(النخب في اقليم كوردستان انموزجا)

يعتبر مفهوم القوة احد مفاهيم العلاقات الدولية و عنصر رئيسي للاعتماد على مفهوم التفاعل الدولي و مواقفهم، و يتضح اهميته عندما يبدأ الصراع الدولي و يفهر استجابة اطراف الصراع حين يعتمد على القوة المادية و المعنوية. مفهوم القوة و اتجاهاتها تطورت قبل مئات السنين الماضية التي تكونت من القوة العسكرية والاقتصادية و التي لها دور فى الاقناع و التاثير الارادي و أهمها هي الاعلام.

تأتى القوة الناعمة بعد القوة الصلبة (القوة العسكرية و القوة الاقتصادية) و هي قوة جذابة للأي دولة و تأثيرها اقوى عندما تكون الدولة في موقع قوي من الناحية الاقتصادية و العسكرية.

وهكذا يبحث الباحث عن كيفية تفعيل مستوى القوة الناعمة للاعلام من خلال العنوان(تفعيل دور القوة الناعمة للاعلام في معالجة الصراع السياسي) لدي النخب في اقليم كوردستان العراق.

| | |
|---|---|
| گۆڤارى زانكۆى هەڵەبجە:گۆڤارێكى زانستى ئەكادیمیە زانكۆى هەڵەبجە دەرى دەكات | |
| بەرگ | ٦ ژمارە ١ ساڵى(٢٠٢١) |
| رێككەوتەكان | رێكەوتى وەرگرتن: ٢٠٢٠/١١/٢٣ \| رێككەوتى پەسەندكردن: ٢٠٢١/١/٣ \| رێككەوتى بڵاوكردنەوە: ٢٠٢١/٣/٣٠ |
| ئیمەیلى توێژەر | nayar.balaky@gmail.com |
| مافى چاپ و بڵاوكردنەوە | ©٢٠٢١ م.م.نیار محى الدين حمدأمين، پ.ى.د. عوسمان أحمد على، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لەژێر رەزامەندى CCBY-NC_ND 4.0 |

## Abstract

Activating role of the soft power of media in addressing political conflict, The elites in the Kurdistan region as a sample.

The concept of power is one of the international relations' concepts, and a key element to rely on the concept of international interaction and their attitudes. Its importance becomes clear when the international conflict begins, and the response of the parties to the conflict appears when it depends on the material and moral strength. The concept of power and its trends developed hundreds of years ago, which consisted of military and economic power, that has a role in persuasion and willful influence, the most important of which is the media. Soft power comes after hard power (military and economic power) and soft power is an attractive force for any country, and its effect is stronger when the country is in a strong economic and military position. So the researcher tries to activate the level of soft power of the media through the title (activating the role of the soft power of the media in addressing the political conflict) the elites in the Kurdistan region of Iraq as a sample.


## سەرەتا

چەمکی هێز یەکێکە لە چەمکەکانی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان و رەگەزی سەرەکیە بۆ پشتبەستن بە چەمکی کارلێکە نێودەوڵەتیەکان و هەڵوێستەکانیان، بایەخی لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە ململانێ نێودەوڵەتیەکان سەرهەڵدەدات و چۆنیەتی وەڵامدانەوەی لایەنە ململانێکەرەکانە و پشت بە هێزە مادی و مەعنەویەکان دەبەستێت. چەمکی هێز و ئاراستەکانی بەدرێژای مێژو گەشەیانکردوە کە بریتین لە هێزی سەربازی و ئابوری و ئەو هێزەی رۆڵی لە قایلاندندا هەیە و تەنانەت لەم سەردەمی تەکنەلۆجیا تازەیەشدا کاریگەری خۆی هەیە.

چەمکی کۆن و نەریتی هێز بریتیە لە چەمکی هێزی رەق کە هێزی سەربازی و ئابوری دەگرێتەوەو قوتابخانەی واقعی پەیرەوی دەکات کە بۆ ماوەیەکی درێژ کارلێکە نێودەوڵەتیەکانی لەسەر دەخوێنرایەوە، لە بنەرەتدا پشت بە توانا مادیەکانی دەوڵەت دەبەستێت و هەروەها بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی بەکاریان دەهێنێت و دوژمنەکانی پێ ملکەچ دەکات.

لەلایەکیترەوە، رەگەزەکانی چەمکی هێزی نەرم زۆر گرنگترە لە رەگەزەکانی هێزی رەق، هێزی نەرم بە یەکێك لە پێکهاتەکانی هێز دادەنرێت و کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان پشتی پێدەبەستن، چەمکی هێزی نەرم رۆڵێکی باشی هەبوە لەو کاتەوەی جوزیف نای یاریکەرێکی باشی هەبو لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا (١٥٣ ، ١٩٩٠، Nye) ، بەڵام دوای ئەوە چەمکەکە زۆر بەفراوانی دەرکەوت و وڵاتان پشتیان پێبەست کە زۆر وڵات لەو رێگایەوە هەوڵی بۆدا تا شوێن و پێگەی لەسەر گۆرەپانی نێودەوڵتیدا هەبێت وەك چین و هند و تورکیا و ئیسرائیل. ئەمە سەرەرای ئەوەی هێزی رەق رەگەزێکی سەرەکی هێزی دەوڵەتە ( ١٥٣ ، ١٩٩٠، Nye) ، بەمشێوەیە هێزی نەرم لەدوای هێزی رەق (هێزی سەربازی و ئابوری)دێت و هێزی نەرم بۆ هەر دەوڵەتێك سەرنجراکێشە و ناتوانرێت وڵاتێکی لاواز لە روی ئابوری و سەربازیەوە بتوانێت سەرنجی وڵاتانیتر رابکێشێت و کاریگەری هەبێت.

لێرەدا توێژەر لەوە دەکۆڵێتەوە کە چۆن بتوانرێت هێزی نەرمی میدیا لە چوارچێوەی ناونیشانی(چالاککردنی رۆڵی هێزی نەرمی میدیا لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکاندا)لەلایەن دەستەبژێرانی هەرێمی کوردستان لەچ ئاستێکدایە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

### ١-گرنگی توێژینەوەکە

چەمکی هێزی زیرەك یەکێکە لە چەمکە تازەکان لە پەیوەندی نێودەوڵەتیدا و یەکێکە لە تەوەرە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە و هێزی نەرم پێوانەیەکی تازەیە بۆ هەر لایەن و هێزێك بە تایبەتی کە خاوەنی هێزی رەق لە روی ئابوری و سەربازیەوە بەهێز بێت.

لایەنی ئەکادیمی فۆکەسی لەسەر هێزی زیرەکە وەك ئامرازێکی ئیدارەی قەیرانەکان بەشێوەیەکی ئاشتیانە بەبێ پێکدادانی چەکداری و پشت بەستو بە هێزی نەرم و درککردنی رەگەزی سەرەکی هێز بە بێ فەرامۆشکردنی هیچ کامیان، سەرەرای درککردنی ئەوەی گۆرانکاری لەسروشتی هەژمونی سیاسی وڵاتە گەورەکان رودەدات بە تایبەتی ئەمە دوای ئەو دەستوەردانە سەربازی و شەرانەی کە لە رابردودا رویانداوە و دواتر گۆراون بۆ هەژمونی هێزی نەرم لە روی هێزی رۆشنبیری و ئابوریەوە، بێ ئەوەی هیچ زیانێکی گەورە بکەیت بەهۆی دەستوەردانی سەربازیەوە، ئەمەش بە تێکەڵکردنی هەردو هێزەکە بۆ بەدەستهێنانی سود و کەمترین زیان، هێزی زیرەك فۆکەس لە رۆڵی کاریگەری نانێودەوڵەتی و نافەرمی دەکات لە کاریگەری خستنەسەر دەرچە سیاسیەکان لەسەر گۆرەپانی نێودەوڵەتی و کاریگەری لەسەر سیستمی سیاسیدا دروستدەکات.

٢-ئامانجی توێژینەوەکە:

١-پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ هێزی نەرم لە روی چەمك و ئامراز و تایبەتمەندییەکانی کە لە هێزی رەق جیادەکاتەوە.

٢-چۆن ئامرازەکانی هێزی نەرم دەتوانێت ئامانجەکانی بەدەستبهێنێت.

٣- گرنگی میدیای کوردی بە هێزی نەرم چۆنە؟

٤- هێزی نەرمی میدیای کوردی لە چ ئاستێکدایە؟

٥-ئاستی متمانە بە هێزی نەرمی میدیای کوردی چۆنە؟

٣-میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفیە و بە میتۆدی راپێوی جەماوەر کە لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك دەستەبژێر لە هەرێمی کوردستان وەرگیراون بە ئامانجی گەیشتن بە شرۆڤەی دەرئەنجامەکانی تایبەت بە بەگەرخستنی هێزی نەرمی میدیا لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکاندا.

٤-کۆمەڵگای توێژینەوەکە: کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەستەبژێری هەرێمی کوردستان کە چەندین بواری جۆراوجۆری میدیایی و ئەکادیمی و سیاسی دەگرێتەوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەش گونجاوە لەگەڵ بابەت و ئامانجی توێژینەوەکە و یارمەتیدەرە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکیەکەی ئەم توێژینەوەیە.

٥-سامپڵی توێژینەوەکە: بۆ ئەوەی هەڵبژاردنی سامپڵی توێژینەوەکە نوێنەرایەتی راستەقینەی کۆمەڵگاکە بکات و دواتر بتوانرێت گشتاندنی بۆ بکرێت، توێژەر هەستا بە وەرگرتنی سامپڵی هەرەمەکی چینایەتی لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە و وەرگرتن و دابەشکردنی یەکسان بۆ هەر دەستە و بوارێکی دەستەبژێرەکان و بەشێوەیەك بۆ هەر بوارێکی میدیایی و ئەکادیمی و سیاسی(٢٠) کەسی وەرگرتوە کە سەرجەم سامپڵی بەرتوێژان ٦٠ بەرتوێژن.

٦-کلیلی توێژینەوەکە: هێزی زیرەك، هێزی رەق، هێزی نەرم، ململانێی سیاسی.

## دوەم: چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە:

هێز کۆنترین چەمکە کە توێژەران لێکۆڵینەوەی لەسەردەکەن و زۆرجار بەشێوە کلاسیکیەکەی واتای هێز باس دەکەن، بەڵام لەگەڵ گەشەی ژینگەی سیاسی نێودەوڵەتی و دەرکەوتنی کاریگەری نەرێنی و زیادبونی تێچونی بەکارهێنانی هێزی سەربازی. ئەمە بو بەپاڵنەرێك بۆ گۆڕینی چەمکی هێز و دەرکەوتنی زاراوەی هێزی نەرم لەسەر دەستی جۆزیف نای لە ساڵی ١٩٩٠ کە لەژێر ناوی وتاری «soft power»، ئەمە لەگەڵ سروشتی ژینگەی تازەی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا گونجاوە کە تێیدا ئاڵوگۆری ئابوری و مەترسیەکانی بەکارهێنانی هێزی رەق لەسەر سێکتەری ئابوری دەرکەوت.( ١٧١-١٥٣ ، ١٩٩٠، Nye) ئەم گۆڕانکاریانە و گۆڕانکاری چەند جەمسەری و دواتر دو جەمسەری و پاشان یەك جەمسەری کە دەوڵەتە زلهێزەکان دەستیان بەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا گرتوە و بۆ مانەوەی پێگەکەی و راگرتنی ئەو ژینگەیە بەبێ ئەوەی توشی شەر و گێچەڵ بن، لەم روانگەیەوە نای چەمکەکەی پێشکەشکرد کە لە بنەرەتدا باس لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا تازەدا دەکات.

لە دیدی (نای)دا هێزی نەرم هەمان گرنگی هێزی رەق هەیە و هەریەك لەو دو هێزە پشتیوانن بۆ یەکتر و بەجۆرێك هێزی رەق بنچینەی هێزی نەرمە و بەهێزێکی سەرنجراکێشی نێودەوڵەتی دادەنرێت و توانای کاریگەری هەیە و سەرچاوەیەکە بۆ هێزی نەرم و بەئاراستەیەکی پۆزەتیف و گونجاو ئاراستەی دەکات، لە هەمان کاتدا هێزی نەرم رەوای بە هێزی رەق دەدات.( ١٦٧، ١٩٩٠، Nye)

بۆیە توێژینەوەی تایبەت بە چەمکی هێزی زیرەك کە نای لە ساڵی ٢٠٠٣ دا پێشکەشیکرد بریتیە لە دو جۆر هێز ئەمیش پەیوەستە بە هێز بەشێوەیەکی گشتی و هێزی زیرەك و هێزی نەرم و رەق بە شێوەیەکی تایبەتی.

### ١-چەمکی هێزی زیرەك:

چەمکی هێزی زیرەك چەمکێکی زۆر تازە نیە و بەڵکو بەرهەمی نێوان هەردو هێزی رەق و نەرمە و بەڵام بەپێی ستراتیجیەتێکی دیاریکراو کە هەردوکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە. ئێرنست ویلسۆن پێناسەی هێزی زیرەك بەمشێوەیە دەکات: بریتیە لە توانای دەوڵەت بە ئاوێتەکردنی رەگەزەکانی هێزی رەق و نەرم بە شێوازێك کە بتوانێت پشتیوان بێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان، ئەم پێناسەیە کۆمەڵێك مەرجی تێدایە کە پێویستە هەبن بۆ هێزی زیرەك: ( ١١٠-١١٤ ، ٢٠٠٨، Wilson)

- ئامانج لە بەکارهێنانی ئەو هێزە زیرەکە چیە کاتێك بەرانبەر گەلێك یان ناوچەیەك بەکاردەهێنرێت.

- پەیبردن و تێگەیشتن لە بونی توانا و ئیرادەی بەکارهێنانی ئەو هێزە زیرەکە.

-رەچاوکردنی ژینگەی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەکارهێنانی هێزی زیرەك.

-ئامرازە بەکارهاتوەکان وکات و چۆنیەتی بەگەرخستنی ئەو هێزە.

کارەکتەرەکانی ئەو بوارە ئەوە دەزانن کە لایەنی بەرانبەر چەند توانا و ئامرازەکانی هێزی زیرەکی لەبەردەستدایە و هەروەها زانین و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی لایەنی بەرانبەر. کەواتە هێزی زیرەك تەنها بریتی نیە لە خاوەنداریەتی سەرچاوەکانی هێزی نەرم و رەق و ئاوێتەکردنیان پێکەوە بەڵکو توانای ئەوەیە لە چ کاتێکدا بەکاری دەهێنێت وکام جۆر لەو هێزانە بەکاردەهێنرێت و هەروەها چۆن و کەی ئەو هێزانە ئاوێتەی یەکتر دەکرێن ، کەواتە شرۆڤەکردنی هێزی زیرەك واتە هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ رەگەزەکانی هێزی نەرم و رەق پێکەوە.( ١١٦ ، ٢٠٠٨، Wilson)

هێزی زیرەك کە کۆکراوەی دو هێزی نەرم و زبرە، واتە پەیوەستن بە لێبوردەی و توندی، هێزی نەرم دەتوانرێت ئامانجەکانی لە رێگای ئارەزو و راکێشان و قایلاندنەوە بەدەستبێت و لە رێگای سەرنجراکێشی رۆشنبیری و سیاسی و میدیای و پەیوەندی دۆستانە و هاوکاری ئابوری و ئاڵوگۆری رۆشنبیری و دروستکردنی رای گشتی ئەرێنیەوە دەبێت، کەچی هێزی زبر و رەق بە رێگای سەربازی و شەری راستەوخۆو فشاری سیاسی نێودەوڵەتی و هەرێمی و گەمارۆی ئابوری و هەرەشەی بەکارهێنانی هێزەوە دەبێت ( ١٧١-١٥٣ ، ١٩٩٠، Nye)

ئامرازەکانی سیاسەتی هێزی زیرەك


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ئامرازەکانی هێزی زیرەك جۆراوجۆرن، ئەویش ئەم ئامرازانەن:( ١٧١-١٥٣ ، ١٩٩٠، Nye)

١-دبلۆماسیەتی گشتی: ئەویش سێ ئاراستەیە: یەکەم: پەیوەندیەکانی رۆژانە و راستەوخۆ، ئەمە بریتیە لە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە و چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ قەیرانەکان و بە کاتژمێر و رۆژ دەپێورێت، دوەم: پەیوەندیە ستراتیجیەکان، ئەمیش بریتیە لە کۆمەڵێك بابەتی سادەی وەك بانگەشەی سیاسی و ریکلامی، ئەمیش بە رۆژ و مانگ و ساڵ دەپێورێت، سێیەم: بریتیە لە گەشەپێدانی پەیوەندیەکی هەمیشەیی لە نێوان کەسەکان و دامەزراوەکان و رێکەوتنی چەند ساڵیەوە دەبێت، وەك زەمالاتی خوێندن و رێکەوتنی دو لایەنە و بەرنامەی مەشقی و کۆنگرە و چۆنیەتی گەیشتن بە کەناڵەکانی میدیا.

٢-ئاژانسەکانی هەواڵگری: ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی ئەمریکا گەورەترین دامەزراوەی هێزی زیرەکە لە جیهاندا، نوسینگەکانی لە زۆرینەی وڵاتە دۆستەکانی بڵاوبۆتەوە و لە وڵاتە نەیارەکانیشی بە ناو و ئەرکی جۆراوجۆرەوە کاردەکەن و لە هەمو لایەکەوە زانیاری و راپۆرتی بۆ دەروات و دواتر شیدەکەنەوە و بریاردەرانی سیاسی بریاری کۆتای بە پێی بەرژەوەندی باڵای وڵات لێدەدەن.

٣-بڵاوکردنەوەی هونەر و رۆشنبیری نەتەوەی و نیشتمانی لە دەرەوە: بۆ نمونە فەرەنسا لەسەدەی نۆزدەدا لەو وڵاتانەی کە داگیریدەکردن هونەر و زمان و ئادابی فەرەنسی بڵاودەکردەوە، هەروەها هۆلیۆد هونەرێکیتری ئاڵوگۆری کەلتوری نێودەوڵەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی و پروپاگەندەیی کاریگەرە.

٤-ئینتەرنێت: تۆرەکانی ئینتەرنێت لەسەر ئاستی کەسی و دامەزراوەیی و گروپی و حکومیدا بەکاردەهێنرێت، کە لە دواجاردا لایەنێك دەتوانێت مسداقیەتی خۆی پێ بەهێز بکات و متمانە و مسداقیەتی لایەنی بەرانبەریش لاوازبکات، ئینتەرنێت نێوەندێکی کاریگەری لێکتێگەیشتن و ئاڵوگۆری رۆشنبیری و کەلتوری و زانیاریە.

٥-میدیا: بەیەکێك لە رێگا و ئامرازەکانی هێزی نەرم دادەنرێت و رۆڵی لە پرۆسەی کاریگەری و چاندنی رۆشنبیری و دروستکردنی رای گشتی و هەروەها کاریگەری زانیاری و سۆزداری و رەفتاری لەسەر ئاستی تاك و گروپ و دەستە و کۆمەڵ هەیە و توانی دروستکردنی ئاراستە و بەهای مرۆیی هەیە.

٢-چەمکی هێزی رەق:

چەمکی هێزی رەق ئاماژەیە بۆ چەمکی کۆنی هێز کە پێناسەکەی بریتیە لە توانای خۆسەپاندن بەسەر ئەوانیتردا لە رێگای رەتکردنەوەی ئەوانیترەوە، سەرچاوەی ئەم هێزە رەقە بریتیە لە هێزی سەربازی و هێزی ئابوری. ( ١٧١-١٥٣ ، ١٩٩٠، Nye)

بۆیە هێز بە گوێرەی بۆچونی نای سێ رێگایە: هەرەشەکردنی (رەتکردنەوە و هاندان و راکێشان)، یەکەم و دوەم لەژێر چەمکی هێزی رەقدان و سێیەم بریتیە لە هێزی نەرم.

٣-چەمکی هێزی نەرم:

بەشێوەیەکی گشتی چەمکی هێز ئاماژەیە بۆ توانای لایەنێك بۆ خۆسەپاندن بەسەر لایەنێکیتردا و کارێك ئەنجامبدەن کە خۆیان نایانەوێت، توانای خۆسەپاندن پەیوەستە بە بونی سەرچاوەیەکی دیاریکراو وەك دانیشتوان و زەوی و سامانی سروشتی و قەبارەی ئابوری و هێزی چەکداری و سەقامگیری سیاسی، لەدیدی کۆنەوە بۆ ناسینی هێز بریتیە لەسەرکەوتن لە شەردا.( ١٦٧ ، ١٩٩٠، Nye)

بەڵام ئەمرۆ ئەم چەمکە گۆرانکاری گەورەی بەسەردا هاتوە و تەنها فۆکەس لەسەر هێزی سەربازی و داگیرکاری ناکرێتەوە هەروەك پێشتر ئەوە دەکرا، ئێستا فۆکەس لەسەر سەرچاوە تازەکانی هێز دەکرێت وەك تەکنەلۆجیا و پرۆسەی فێرکردن و گەشەی ئابوری کە بە پێوەری هێزی نێودەوڵەتی دادەنرێت.

مێژو و ناوهێنانی چەمکی هێزی نەرم زۆر کۆن نیە، کاریگەری رۆشنبیری و ئابوری و سیاسی و کۆمەڵناسی لەسەرە، هەروەها لەوکاتەوە زیاتر

دەركەوت كە بواری گەشەی ئامرازەكانی پەیوەندیكردن گەشەیانكرد، وەك كە ناڵە ئاسمانییەكان و تۆرەكانی ئینتەرنێت و مۆبایل و بەرنامەی چارەسەركردنی داتاكان و تەكنەلۆجیای پەیوەندیكردن و قوتابخانە و زانكۆ و دامەزراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی، كە هەریەك لەوانە خەسڵەت و سیمای خۆیان هەیە و گۆرانكاریەكی گەورەیان لە رەگەز و پرۆسەی پەیوەندیكردنكی كلاسیكیدا كرد.(١٢٤- ١١٠ ، ٢٠٠٨، Wilson)
چەمكی هێزی نەرم وەك ئەوەی نای ئاماژەی پێدەدات ئاراستەیەكی سەرنجراكێشە و جیاوازە لە ئامرازە كۆنەكان، دەوڵەت دەتوانێت لەرێگای بەكارهێنانی ئەم هێزە تازەوە بە ئامانجەكانی خۆی بگات، ئەمە لەوكاتەدا رودەدات كە دەوڵەتێك دەتوانێت وا لەدەوڵەتانی تر بكات كە بە ویستی خۆیان هەمان ویستی ئەوانیان هەبێت ”to want what it wants“ . و توانای كاریگەریخستنەسەریان هەبێت و ئاراستەیان بكات و سەرچاوە دیاریكراوە مەعنەویەكان و نا مادیەكان وەك رۆشنبیری و ئایدیۆلۆجی و دامەزراوەكانی خۆی بلاوبكاتەوە.(١١٦ ، ٢٠٠٨، Wilson)
هێزی نەرم كە بە”Co-optive power“ ناسراوە واتای توانای دەوڵەتە لەسەر دروستكردنی دۆخێك تا بتوانێت بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی ولاتانی تردا بگونجێنێت.( محمد،٢٠٠٩ ، ص،١٥٣)
نای جەخت لە رەگەزی سەرنجراكێشی دەكاتەوە كە هێزی نەرم پشتی پێدەبەستێت و هێزی نەرم بەواتای توانای بەدەستهێنانی ئامانجێكی دیاریكراو لە رێگای ئارەزو و سەرنجراكێشی بەبێ رق و كینە و رەتكردنەوە.( ناي ،٢٠١٠، ص ١٥٣) هێزی نەرم پشت بە دوو رەگەز دەبەستێت ئەویش مسداقیەت و رەوایەتیە. .( ناي،٢٠١٠،ص ١٥٤)
پێناسەیەكیتری (جین لی) هەیە بۆ هێزی نەرم: بریتیە لە توانای دروستكردنی وێنەی هزری خود لە رێگای سەرچاوە سومبولی و هزریەكانەوە كە دەبێتە هۆی گۆرینی رەفتار و كردار.(المنصوري،٢٠١٩،ص٤)
لە لایەنی كردەییەوە هێزی نەرم بریتییە لە: توانای كاریگەری و سەرنجراكێشانی ئەوانیتر و ئیقناعكردن و رەتنەكردنەوەی ئەوانیتر و ئامرازەكانی رۆشنبیری و سیاسی و میدیایی بەكاردەهێنرێن و خزمەتی بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت بكات بە بێ بەكارهێنانی ئامرازەكانی هێزی رەق.( سليمان،٢٠١٦،ص٤)
سەرچاوەكانی هێزی نەرم
هەمو هێزێك سەرچاوەی خۆی هەیە تا بگات بە ئامانجەكانی، هێزی نەرمیش خاوەن سەرچاوەی خۆیەتی، زۆر بابەت و كتێب لەسەر ئەم بابەتە هەن، بەڵام گرنگترینیان جۆزیف نایە كە لەسەر بنچینەی پەیوەندی نێودەوڵەتی دارێژراوە، كە ئاماژە بەسەرچاوە سەرەكیەكانی هێزی نەرم دەدات و بریتین لە «رۆشنبیری و بەهای سیاسی و سیاسەتی دەرەكی».( ناي،٢٠١٠، ص١٦٨)
رۆشنبیری بریتیە لە كۆمەڵێك زانست و هونەر و هزر و بیروباوەر و داب و نەریت و رێنمایی و ئەخلاق و ئاداب و هەڵسوكەوت كە مرۆڤەكان وەك هەر تاكێكی كۆمەڵ هەیانە و پێی دەناسرێنەوە.( ٩٤-١٠٩، ١٩٩٠، nye)
رۆشنبیری لای نای بریتیە لە كۆمەڵێك بەها و هەڵسوكەوتكردن كە كۆمەڵ پێكدەهێنێت و بریتیە لە رۆشنبیری باڵای كۆمەڵ و دەستەبژێری خۆی هەیە وەك هونەر و ئەدەب و فێركردن، رۆشنبیری نزم(میللی)، هەروەها نای دەڵێت :»رۆشنبیری میللی ئێمە وایكردوە ئەمریكا لای خەڵكانیتر بەهێز و دەوڵەمەند و سەرنجراكێش و نامۆ و نوێخواز و داهێنەر دەربكەوێت «، ئەمە وایكردوە لەم سەردەمەدا سەرنجراكێش بێت لای خەڵكانیتر و هەوڵی لاسایكردنەوەی ئەوكەلتورە رۆشنبیریە ئەمریكییە بدەن، ئەم ئاوێتەبونەی نێوان رۆشنبیری باڵا و میللیەی ئەمریكا رۆشنبیریەكی گشتی ئەمریكی دروستكردوە و بریتیە لە پاڵنەری هەردو سێكتەری ئابوری و سیاسی ئەمریكا و تەنانەت هۆكارێكن بۆ راكێشانی هێزی میللی نەتەوە و وڵاتانیتری بیانی و جێگای سەرنجی میللەتانی بێگانەن.( ٧٥-٧٤، ١٩٩٠، Nye)
مێژوی چەمكی هێزی نەرم
ئامرازی رۆشنبیریی وەك یەكێك لە سەرچاوەكانی هێزی نەرم شێوازی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت بە ئامانجی چاندنی خەسڵەتی رۆشنبیری و نمونەیەكی رۆشنبیریی دیاریكراو لە نێوەندی كۆمەڵایەتی دیاریكراودا، ئەمەش لە رێگای ئاڵوگۆری بەرنامەی رۆشنبیری و چالاكیە رۆشنبیرییەكان و بڵاوكردنەوەی زمانی نەتەوەیی و كردنەوەی نوسینگەی رۆشنبیری و دامەزراوە زانستییەكان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات.)

(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

( Vasilevskyte ، ٢٠١٣، ١٤٥-١٥٧

میدیا و هێزی فشاری نەرم

یەكێك لە كاریگەرێتیە دیارەكانی میدیا بریتیە لەو هێزەی كە كاریگەری دەخاتەسەر بیر و هزری مرۆڤ و ئەویش بزوێنەری هەڵسوكەوت و رەفتار و ئاراستەی مرۆڤ دەگۆرێت، دامەزراوەی میدیا دەتوانێت بۆچون و قەناعەتی مرۆڤەكان بگۆرێت، دەكرێت ئەو گۆرانكاریە ئەرێنی یان نەرێنی و رەتكرێنەوە یان وەربگیرێت و بەسود بێت یان زیانبگەیەنێت و خۆشەویست بێت یان بەپێچەوانەوە بێت.

كاریگەری مەعریفی میدیا كاریگەریەكی دور مەودا و درێژخایەن و ناراستەوخۆیە و بە تێپەربونی كات دەتوانێت بۆچون و وێنەی هزری و بیروباوەرەكان و لەسەرخۆ و قۆناغ بە قۆناغ بگۆرێت، واتە كاریگەریەكی نەرمی هەیە و بە كاریگەری»دڵۆپە ئاو« دەناسرێت و دواتر كاریگەری سۆزداری دروست دەكات و بەبێ بەكارهێنانی هێز و فشاری جەستەیی تاكەكان لە روی دەرونیەوە ئامادە دەكات كە لایەنگیرین بۆ هەر بابەتێك كە بەرێبەرانی دامەزراوەی میدیا لە ئامانجی خۆی دابنێت و تەبەنی هەر باوەرێك بكات، هەر لەو بەردەوامیەی كاریگەری میدیا لەدواجاردا رەفتاری مرۆڤەكان ئاراستە دەكات و وایانلێدەكات چیبكەن و چینەكەن و چۆن بیربكەنەوە و بیر لە چی بكەنەوە و چۆن رۆژانە رەفتار بكەن، واتە میدیا كۆنترۆڵی زۆرینەی هەڵسوكەوت و رەفتاری تاكەكان دەكات.

هێزی كاریگەری میدیا نەرم و لەسەرخۆ و شاراوەیە، شارەزایان بە»هێزی فشاری نەرم« ناوی دەبەن، كە سەرچاوەی ئەو هێز و توانایەیە بریتیە لە شێوازەكانی قایلاندن و جۆرایەتی و دوبارەكردنەوە و سەرنجراكێشی و كرانەوە و بەشداریپێكردن و بەردەستی و تێركردنی پێداویستیە مەعریفیەكانی مرۆڤ و توانای چونە نێو ژیانی تاكەكانەوە، هەروەها توانای كارلێكی هەیە لەگەڵ وەرگرەكانیدا.

میدیا توانای ئەوەی هەیە بەشداریپێكردنی تاكەكان زیادبكات و كاریگەری لەسەر گۆرینی رای گشتی هەبێت و بتوانێت زۆرینەی رای خەڵك بەرە و بابەتێك ئاراستە بكات كە هێزی پشت دامەزراوەی میدیا دەیانەوێت بە چ ئامانجێك ئاراستەیان بكات و لایەنگیریان بگۆرێت، ئەمە بە پێی تاقیكردنەوە مێژویەكان هەرگیز بەهێزی رەق و سوپا و كەرەستەكانی نەكراوە، لە ئێستادا ئەمە بە تەكنەلۆجیا و هێزی نەرمی میدیا دەكرێت.

گەلانی پێشكەوتو دەمێكە سحری میدیا و دەسەلات و كاریگەریەتیەكەی دەزانن، بەبێ ئەوەی هیچ كێشەیەكی یاسایی و شەرعی هەبێت دەتوانێت ملۆنەها خەڵك كۆنترۆڵ بكات، لەئێستادا ئامراز و دامەزراوەكانی میدیا دەتوانن ئەرك و كاری سوپا ئەنجامبدەن، تێچونی ئەو سوپایە هیچی كەمتر نیە لەو سوپا و هێزە مەیدانی و چەكداریە نەریتیەی جاران، چونكە میدیا خاوەنی هێزی نەرمی چوارەمە لە كۆمەڵدا و كاریگەری لەسەر تەواوی هێزەكانیتر دادەنێت.( عمرالكعود ،٢٠١٦،ص٣١)

«هێزی نەرم»ی میدیا پشت بە سێ رەگەزی سەرەكی دەبەستێت ئەویش رەوایەتی و مەشروعیەت و مۆدێلی كاریگەریە.( سمعود,٢٠٠٩, ١٤٣)

بیرمەندی ئەمریكی نعوٚم چۆمسكی باس لە كاریگەری و كۆنترۆڵكردنی گەلانی دونیا دەكات كە ئامرازەكانی میدیای نێودەوڵەتی وەك هێزێكی نەرم هەژمونی بەسەریانەوە هەیە، كە بە دە ستراتیجیەتی سەرەكی دیاریانیكردوە( رفيعي,٢٠١٦,ص٢٢١ )

١- ستراتیجیەتی كاتبەسەربردن، كە ئامانجی گۆرینی ئاگای رای گشتیە لەسەر كێشە سەرەكیەكان، ئەمەش لە رێگای بڵاوكردنەوە و پەخشكردن و پێدانی زانیاری ئاست نزمە بە وەرگرەكانی.

٢- ستراتیجیەتی گەورەكردنی روداو و كێشەكان، واتە وروژاندنی بابەتێك بە پێی ئەجێندای میدیا و بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە كێشە و بایەخبەندی ژیانی رۆژانەی خەڵكەوە هەبێت.

٣- ستراتیجیەتی هەنگاوبەهەنگاو، ئەمەش لە پێناو قبوڵكردنی بیروباوەر و ئاراستە و ئامانجێكی دیاریكراوە، واتە قایلاندنی هاووڵاتیانە تا بتوانرێت وردە وردە گۆرانكاری و كاریگەری ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی دروستبكات.

٤- ستراتیجیەتی دواخستن، ئەمە لە پێناو ئەوەیە تا بابەتێكی نەخوازراو لەداهاتودا قبوڵبكرێت.

٥- گفتوگۆ و وروژاندنی خەڵك وەك ئەوەی كە قسە لەگەڵ مناڵاندا بكرێت، واتە میدیا و نێرەرانی دامەزراوەكانی میدیا خۆیان لە لوتكە و ئاستێكی بەرز و باڵادا دادەنێن و هەمیشە خۆیان لە باڵا دەستیدا دەبینن بەبەراورد بە جەماوەری گشتیەوە.

٦- لەبری چالاككردنی لایەنی لۆجیكی و شیكردنەوە زانستیەكان، میدیا بەهەمو شێواز و ئامرازێك هەوڵی وروژاندنی هەست و سۆزی تاكەكان دەدەن و ئارەزو و پێداویستیە دەرونیەكانیان دەوروژێنن و كاریگەریان لەسەر رەفتاری رۆژانەیاندا جێدەهێڵن.

٧- لەراستیدا میدیا لەبری مەعریفە زانیاری گێلكردن و نەزانی و حەماقەت بڵاودەكاتەوە، دژی پێشكەوتن و چۆنیەتی فێركردنی تازەیە و دەیەوێت میللەتان هەر بە نەزانی بمێننەوە تا باشتر كۆنترۆڵیان بكەن.

٨- هاندانی میللەتان بۆ بابەتی كەم بایەخ .

٩- هەستكردن بە تاوانی خود زیاتر لەوەی بیباتە دۆخێكی داهێنان و بەرەنگاریەوە، واتە تاك دەباتە دۆخێك كە هەست بەكەمی خۆی بكات لەبەرانبەر روبەروبونەوەی لەگەڵ كێشەكانی رۆژانەیدا و تەسلیم بە ئیرادەی ئەجێندای میدیاوە دەبێت.

١٠-ستراتیجیەتی كۆنترۆڵكردنی میدیا لە رێگای پێشكەشكردنی بابەتی زانستی بایۆلۆجی و دەرونزانیەكانەوە.

بەمشێوەیە میدیا بەردەوام توێژینەوە لەبارەی ئارەزوەكانی خەڵك دەكات تا باشتر كۆنترۆڵیان بكات، ئەمە وردە وردە وادەكات بۆشایی مەعریفی نێوان تاكەكان و ئەوانەی كە خاوەنداریەتی میدیا دەكەن زیاتر بێت، واتە هێزە دەسەڵاتدارەكان و ئەوانەی كە كۆنترۆڵی دامەزراوەی میدیا دەكەن زۆرترین كاریگەریان لەسەر دەوروبەر و خەڵك جێدەهێڵن.

ئەم ستراتیجیانەی چۆمسكی بریتین لە رۆڵی میدیای نێودەوڵەتی كە دەتوانێت لەبری هێزی زەمینی و سوپای سەربازی ئاراستە و بۆچونی گەلان كۆنترۆڵ بكەن، ئەوا میدیای نێودەوڵەتی وەك هێزێكی نەرم دەتوانێت ئەوە بكات كە لە ئێستادا بەهۆی پێشكەوتنی ئامرازە تەكنەلۆجیەكانی میدیاوە گەیشتۆتە ئاستی شەری ئەلكترۆنی و هەواڵی دروستكراو و شێواو و ناراست، كە كاریگەری سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و دەرونی لەسەر تاكەكان دروستكردوە و وەك هێزێكی شاراوەی ناسەربازی كۆنترۆڵی ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان دەكەن.

رۆڵی میدیا لە پرۆسە دبلۆماسیە ناوخۆیی و دەرەكییەكاندا بریتییە لە ئامرازێكی گرنگی گفتوگۆكردن و چالاككردنی پەیوەندییە دبلۆماسییەكان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵات و نێوان هێزە سیاسییەكاندا، لەبەرئەوەی لەلایەك میدیا سەرچاوەیەكی گرنگی زانیارییە بۆ بریاردەر و سەركردە سیاسی و دبلۆماسییەكان و ئەوانەی بەشداری و پەیوەندیان بە پرۆسەی سیاسیەوە هەیە لە كۆمەڵدا، لەلایەكیتر ئامرازێكی گرنگی جێبەجێكردنی ئامانجە سیاسیەكانە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات و لە رێگای ریزبەندیكردنی ئەجێندا سیاسییەكان و پێدانی زانیاری و دروستكردنی ئاراستە و رای گشتی بۆ بابەتێكی دیاریكراو. (نای,٢٠٠٣,ص٣٤ )

ململانێ

ململانێ بریتیە لە دۆخێكی ناجێگیر و فشاری دەرونی كە لە ئەنجامی ناكۆكی و نارەزامەندی لە نێوان دوو ئارەزوو یان دوو پێداویستی یان زیاتری نێوان تاكەكان، ململانێكان دیاردەیەكی مێژوویە لە نێوان مرۆڤەكاندا، ململانێ شێوە و شێوازی جۆراوجۆری وەرگرتوە وەك ئاینی و دەسەڵات و ئابوری و سیاسی و كۆمەڵایەتی و .....هتد، زۆرجار ئەم ململانێیانە دەگەنە ئاستی توندوتیژی، ئەوەی لەهەموی كاریگەرتر و مەترسیدارە بریتییە لە ململانێی سیاسی( دویكات, ٢٠١٦ ،٢٠٢٠/٣/٧:.)

ململانێی سیاسی

بریتیە لە دۆخێكی تایبەت لە كێبركێ لەسەر دەسەڵات و بەدەستهێنانی دەستكەوت لە نێوان تاكەكاندا، لایەنەكانی ئەم ململانێیە خۆیان دەزانن كە ناكۆكن لە هەڵوێستەكانیاندا و بەهۆی جیاوازی هزر و بیركردنەوەی سیاسییان لایەنێك بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەكانی بەرانبەر رەفتار دەكات، كاریگەری ئەو ململانێیە بەگوێرەی قەبارەی ئامانجەكانەوەیە، هەركاتێك ئامانجەكە گەورەبێت ئەوا ململانێیەكە گەورەتردەبێت، هەندێك لە سیستەمە سیاسییەكان توانای بەرگریان هەیە بۆ ململانێ سیاسییەكان و هەندێكیتریان ئەو هێزەیان نییە.

زۆرجار ناتوانرێت ململانێ جۆراوجۆرەکان لەیەکتر جودابکرێنەوە، ململانێ ئابورییەکان بەرەو ململانێی سیاسی دەڕۆن و هەروەها ململانێی سیاسی ململانێی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی بەرهەمدەهێنێت، بەمشێوەیە کۆمەڵگا یەکەیەکی تەواوکارییە و هەریەکەیەك کاریگەری لەسەر هاوسەنگی یەکەکانیتر دروستدەکات. ( دویکات, ٢٠١٦ ،:٢٠٢٠/٣/٧.)

سێیەم: ئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە:

دابەشبونی سامپڵی توێژینەوەکە بە گوێرەی توخم و پسپۆری

خشتەی ژمارە(١)

| پسپۆری | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دوبارەکان و رێژەی سەدی | دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | ٪ |
| توخم | | | | | |
| نێر | ١٢ | ١٠ | ١٥ | ٣٧ | ٦١,٦٦ |
| مێ | ٨ | ١٠ | ٥ | ٢٣ | ٣٨,٣٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١) دابەشبونی سامپڵی توێژینەوەکە روندەکاتەوە یەکەم بە گوێرەی توخمی توێژینەوەکە کە رێژەی توخمی نێر بەرزترە لە توخمی مێ و دابەشبونی پسپۆری بوارەکانی راگەیاندن و ئەکادیمی و سیاسییەکاندا.

بەرکەوتنی بەرتوێژان بە میدیای کوردی

خشتەی ژمارە(٢)

| پسپۆری | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | ٪ |
| | بەرکەوتن | | | | ٪ |
| بەرکەوتنی رێك | ١١ | ٨ | ٧ | ٢٦ | ٤٣,٣٣ |
| هەندێکجار | ٩ | ١٢ | ١٣ | ٣٤ | ٥٦,٦٦ |
| بەرکەوتنی نیە | - | - | - | - | - |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(١) دابەشبونی سامپڵی توێژینەوەکە روندەکاتەوە یەکەم بە گوێرەی توخمی توێژینەوەکە کە ڕێژەی توخمی نێر بەرزترە لە توخمی مێ و دابەشبونی پسپۆری بوارەکانی راگەیاندن و ئەکادیمی و سیاسییەکاندا.

بەرکەوتنی بەرتوێژان بە میدیای کوردی

خشتەی ژمارە(٣)

| پسپۆری | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | ٪ |
| گرنگیدان | | | | | |
| گرنگی پێدەدات | ٤ | ٣ | ٥ | ١٢ | ٢٠ |
| ٧ | ٤ | ٦ | ١٧ | ٢٨,٣٣ | ٢٨,٣٣ |
| ٩ | ١٣ | ٩ | ٣١ | ٥١,٦٦ | ١٠٠ |
| ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ | ٥١,٦٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

لە شیکردنەوەی داتاکانی خشتەی ژمارە(٣) ئەوە روندەبێتەوە کە بەرزترین ڕێژە بۆ دەستەبژێری میدیای کوردی رایان وایە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم هیچ گرنگیەکی نییە بە تایبەتی ئەکادیمییەکان بەرزترین ڕێژەن لەو بارەیەوە و خوێندنەوەیەکی زانستیان بۆ میدیای کوردی هەیە.

ئاستی گرنگیدان بە هێزی نەرمی میدیا

خشتەی ژمارە(٤)

| پسپۆری | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەکان و ڕێژەی سەدی | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | ٪ |
| ئاستی هێزی نەرمی میدیا | | | | | |
| بەهێزە | ٤ | ٣ | ٦ | ١٣ | ٢١,٦٦ |
| ماناوەندە | ٥ | ٤ | | ٦ | ٢٥ |
| لاوازە | ١١ | ١٣ | ٨ | ٣٢ | ٥٣,٣٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

دووبارەکانی خشتەی ژمارە(٤) لە ئاستی مامناوەند و لاوازی هێزی نەرمی میدیای کوردی ئەوە روندەکاتەوە کە ئاستی هێزی نەرمی میدیای کوردی لە ئاستێکی لاوازدایە و بەمەش دەستەبژێری کورد پشتیوانی لە میدیای کوردی ناکەن وەك هێزێکی نەرم.

هۆکارەکانی گرنگینەدانی میدیای کوردی بە هێزی نەرمی میدیا

خشتەی ژمارە(٥)

| پسپۆری | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەکان و رێژەی سەدی | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | ٪ |
| هۆکارەکان | | | | | |
| خاوەندارانی میدیای کوردی زانیاریان نیە کە هێزی نەرم بە یەکێك لە پێکهاتەکانی هێز دادەنرێت | ٧ | ٦ | ٤ | ١٧ | ٢٨,٣٣ |
| خاوەندارانی میدیای کوردی نازانن کە هێزی نەرم لە پاڵ هێزی رەق کاریگەری زۆرە | ٤ | ٣ | ٥ | ١٢ | ٢٠ |
| هێزی نەرم لای خاوەندارانی میدیای کوردی چەمکێکی تازەیە | ٥ | ٤ | ٦ | ١٥ | ٢٥ |
| خاوەندارانی میدیای کوردی نازانن هێزی نەرمی میدیا کەناڵێکی گرنگی پەیوەندیکردن و دبلۆماسی و بەدەستهاتنی بەرژەوەندییە | ٤ | ٧ | ٥ | ١٦ | ٢٦,٦٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە(٥)دا سامپڵی دەستەبژێری کورد بۆ هۆکارەکانی گرنگینەدانی میدیای کوردی بەهێزی نەرم بە پلەی یەکەم و بەرێژەی ٢٨,٣٣ دەگەڕێنێتەوە کە بریتییە لە (خاوەندارانی میدیای کوردی زانیاریان نیە کە هێزی نەرم بە یەکێك لە پێکهاتەکانی هێز دادەنرێت) و دواتر بە رێژەی ٢٦,٦٦ دەگەڕێنێتەوە کە بریتییە لە(خاوەندارانی میدیای کوردی نازانن هێزی نەرمی میدیا کەناڵێکی گرنگی پەیوەندیکردن و دبلۆماسی و بەدەستهاتنی بەرژەوەندییە) و بە رێژەی ٢٥ کە بریتییە لە(هێزی نەرم لای خاوەندارانی میدیای کوردی چەمکێکی تازەیە) و بە رێژەی ٢٠ کە بریتییە لە(خاوەندارانی میدیای کوردی نازانن کە هێزی نەرم لە پاڵ هێزی رەق کاریگەری زۆرە).

ئاستی متمانە بە هێزی نەرمی میدیای کوردی

خشتەی ژمارە(٦)

| پسپۆڕی | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەکان و ڕێژەی سەدی | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | |
| ئاستی ڕەزامەندی | | | | | |
| ڕەزامەندم | ٥ | ١ | ٤ | ١٠ | ١٦,٦٦ |
| هەندێکجار | ٤ | ٣ | ٦ | ١٣ | ٢١,٦٦ |
| ڕەزامەند نیم | ١١ | ١٦ | ١٠ | ٣٧ | ٦١,٦٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە(٦) ئەوە ڕوندەبێتەوە کە ئاستی متمانەی دەستەبژێری کورد بە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم لە ئاستێکی بێ متمانەیی زۆر بەرزدایە بە ڕێژەی ٦١,٦٦و دواتر لە ئاستی مامناوەند بە ڕێژەی ٢٠و سێیەم لە ئاستی متمانە بەرێژەی ١٨,٣٣دایە.

هۆکارەکانی بێمتمانەیی بە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم

خشتەی ژمارە(٧)

| پسپۆڕی | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەکان و ڕێژەی سەدی | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | ٪ |
| هۆکارەکان | | | | | |
| میدیای کوردی وەك هێزی نەرم لە ستراتیجیەتی خاوەندارانیدایە | ٨ | ٥ | ٤ | ١٧ | ٢٨,٣٣ |
| کورد میدیایەکی نیشتمانی نیە تا بتوانێت وەك ناوەندێکی هێزی نەرم بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەگەڕبیخات | ٦ | ٢ | ٥ | ١٣ | ٢١,٦٦ |
| میدیای کوردی سود لە توانای هێزی نەرمی میدیا وەرناگرێت کە توانای قایلاندن و سەرنجراکێشی و تێرکردنی پێداویستییە مەعریفیەکانی تاکی کوردی هەبێت | | | | | ٢٦,٦٦ |
| | ٤ | ٦ | ٦ | ١٦ | ٢٣,٣٣ |
| کوردی نەیتوانیوە هێزی نەرم لە دروستکردنی وێنەی هەزری پۆزەتیڤ بۆ گۆڕینی ڕەفتاری بەرانبەر بە کا ر بهێنێت | | | | | ١٠٠ |


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

دوبارەکانی خشتەی ژمارە(٧) بۆ هۆکارەکانی بێمتمانەیی بە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم سامپڵی دەستەبژێری کورد بەرێژەی ٢٨,٣٣ کە بریتیە لە(میدیای کوردی وەك هێزی نەرم لە ستراتیجیەتی خاوەندارانیدایە) و بە رێژەی ٢٦,٦٦ کە بریتیە لە(میدیای کوردی سود لە توانای هێزی نەرمی میدیا وەرناگرێت کە توانای قایلاندن و سەرنجراکێشی و تێرکردنی پێداویستییە مەعریفیەکانی تاکی کوردی هەبێت) و بە رێژەی ٢٣,٣٣ کە بریتیە لە(میدیای کوردی نەیتوانیوە هێزی نەرم لە دروستکردنی وێنەی هزری پۆزەتیف بۆ گۆڕینی رەفتاری بەرانبەر بەکاربهێنێت) و بەرێژەی ٢١,٦٦ کە بریتیە لە(کورد میدیایەکی نیشتمانی نیە تا بتوانێت وەك ناوەندێکی هێزی نەرم بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەگەڕیبخات).

ئاستی رەزامەندی بە هێزی نەرمی میدیای کوردی

خشتەی ژمارە(٨)

| پسپۆری | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دوبارەکان و رێژەی سەدی | دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | دوبارەکان | ٪ |
| ئاستی متمانە | | | | | |
| متمانەم هەیە | ٥ | ٢ | ٤ | ١١ | ١٨,٣٣ |
| هەندێکجار | ٥ | ٣ | ٤ | ١٢ | ٢٠ |
| متمانەم نیە | ١٠ | ١٥ | ١٢ | ٦١,٦٦ ٣ ٧ | ٦١,٦٦ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

خشتەی ژمارە(٨) ئەوە روندەکاتەوە کە ئاستی رەزامەندی بە هێزی نەرمی میدیای کوردی لەلایەن دەستەبژێری کوردەوە نزیکەی سێ بەشی کۆی سامپڵەکەیە و بە رێژەی ٦١,٦٦ لە ئاستی رەزامەندیدا نییە وەك هێزی نەرم و دواتر بەرێژەی ٢١,٦٦ و سێیەم بەرێژەی ١٦,٦٦ رەزامەندن.

هۆکارەکانی نارەزامەندی بە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم

خشتەی ژمارە(٩)

| پسپۆڕی | میدیایی | ئەکادیمی | سیاسی | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|
| دووبارەکان و ڕێژەی سەدی | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | دووبارەکان | ٪ |
| هۆکارەکان | | | | | |
| میدیای کوردی سود لە چەمکی کاریگەری نوێی هێزی نەرمی میدیا(پیشە و پەیام و پیشەسازی) وەرناگرێت | ٩ | ٤ | ٦ | ١٩ | ٣١،٦٦ |
| میدیای کوردی بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان سود لە کاریگەری هێزی نەرمی میدیا وەك هێزێکی لەسەرخۆ و شاراوە وەرناگرێت | | | | | |
| خاوەندارانی میدیای کوردی ئەوە نازانن کە میدیا خاوەنی هێزی نەرمی چوارەمە لە کۆمەڵدا و کاریگەری لەسەر تەواوی هێزەکانیتر جێدەهێڵێت | ٢ | ٤ | ٥ | ١١ | ١٨،٣٣ |
| ڕۆڵی میدیای کوردی لە یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بریتیینیە لە ئامرازێکی گرنگی گفتوگۆکردن و چالاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکاندا | ٣ | ٧ | ٤ | ١٤ | ٢٣،٣٣ |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٢٠ | ٢٠ | ٦٠ | ١٠٠ |

لە خشتەی ژمارە(٩)دا دەربارەی هۆکارەکانی نارەزامەندی بە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم ئەوا دەستەبژێری کورد هۆکارەکان لە بەرزترین هۆکارەوە تا کۆتایی دەگەڕێننەوە بۆ هۆکارەکانی: (میدیای کوردی سود لە چەمکی کاریگەری نوێی هێزی نەرمی میدیا(پیشە و پەیام و پیشەسازی) وەرناگرێت) بەڕێژەی ٣١،٦٦ و (میدیای کوردی بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان سود لە کاریگەری هێزی نەرمی میدیا وەك هێزێکی لەسەرخۆ و شاراوە وەرناگرێت) بەڕێژەی ٢٦،٦٦ و(ڕۆڵی میدیای کوردی لە یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بریتیینیە لە ئامرازێکی گرنگی گفتوگۆکردن و چالاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکاندا) بەڕێژەی ٢٣،٣٣ و (خاوەندارانی میدیای کوردی ئەوە نازانن کە میدیا خاوەنی هێزی نەرمی چوارەمە لە کۆمەڵدا و کاریگەری لەسەر تەواوی هێزەکانیتر جێدەهێڵێت) بەڕێژەی ١٨،٣٣.

## چوارەم: دەرئەنجام:

### یەکەم: دەرئەنجامی تیۆری توێژینەوەکە:

١- هێزی نەرم بە یەکێك لە پێکهاتەکانی هێز دادەنرێن و کارەکتەرە نێودەوڵەتیەکان پشتی پێدەبەستن.

٢- هێزی نەرم لەدوای هێزی ڕەق (هێزی سەربازی و ئابوری)دێت و هێزی نەرم بۆ هەر دەوڵەتێك سەرنجراکێشە و ناتوانرێت وڵاتێکی لاواز لە ڕوی ئابوری و سەربازیەوە بتوانێت سەرنجی وڵاتانیتر ڕابکێشێت و کاریگەری هەبێت.

٣- چەمکی هێزی زیرەك چەمکێکی زۆر تازە نیە و بەڵکو بەرهەمی نێوان هەردو هێزی ڕەق و نەرمە و بەڵام بەپێی ستراتیجیەتێکی دیاریکراو کە هەردوکیان پێکەوە کۆدەکاتەوە دەناسرێتەوە.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

٤- بەشێوەیەکی گشتی چەمکی هێز ئاماژەیە بۆ توانای لایەنێك بۆ خۆسەپاندن بەسەر لایەنێکیتردا و کارێك ئەنجامبدەن کە خۆیان نایانەوێت.

٥- ئێستا فۆکەس لەسەر سەرچاوە تازەکانی هێز دەکرێت وەك تەکنەلۆجیا و پرۆسەی فێرکردن و گەشەی ئابوری کە بە پێوەری هێزی نێودەوڵەتی دادەنرێت و کە بەهێزی نەرم ناسراوە.

٦- هێزی نەرم توانای دەوڵەتە لەسەر دروستکردنی دۆخێك تا بتوانێت بەرژەوەندی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی تردا بگونجێنێت.

٧- هێزی نەرم بریتیە لە توانای دروستکردنی وێنەی هزری خود لە رێگای سەرچاوە سومبوڵی و هزریەکانەوە کە دەبێتە هۆی گۆرینی رەفتار و کردار.

٨- هێزی کاریگەری میدیا نەرم و لەسەرخۆ و شاراوەیە، شارەزایان بە»هێزی فشاری نەرم» ناوی دەبەن.

٩- سەرچاوەی هێزی نەرم بریتیە لە توانای دەوڵەت لەبەکارهێنانی ئامراز و شێوازەکانی میدیا کە بەرێگای قایلاندن و جۆرایەتی و دوبارەکردنەوە و سەرنجراکێشی وکرانەوە و بەشداری و بەردەستی و تێرکردنی پێداویستیە مەعریفیەکانی مرۆڤ دەبێت.

١٠-لەئێستادا ئامراز و دامەزراوەکانی میدیا دەتوانن ئەرك و کاری سوپا ئەنجامبدەن، تێچونی ئەو سوپایە هیچی کەمتر نیە لە سوپا و هێزە مەیدانی و چەکداریە نەریتیەی جاران، چونکە میدیا خاوەنی هێزی نەرمی چوارەمە لە کۆمەڵدا و کاریگەری لەسەر تەواوی هێزەکانیتر جێدەهێڵێت.

١١-رۆڵی میدیا لە پرۆسە دبلۆماسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بریتییە لە ئامرازێکی گرنگی گفتوگۆکردن و چالاککردنی پەیوەندییە دبلۆماسییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵات و نێوان هێزە سیاسییەکاندا.

## دوەم: دەرئەنجامی مەیدانی توێژینەوەکە

١- میدیای کوردی وەك هێزی نەرم هیچ گرنگیەکی نییە.

٢- ئاستی هێزی نەرمی میدیای کوردی لە ئاستێکی لاوازدایە.

٣خاوەندارانی میدیای کوردی زانیاریان نیە کە هێزی نەرم بە یەکێك لە پێکهاتەکانی هێز دادەنرێت.

٣- ئاستی متمانەی دەستەبژێری کورد بە میدیای کوردی وەك هێزی نەرم لە ئاستێکی بێ متمانەیی زۆر بەرزدایە.

٤- میدیای کوردی نەیتوانیوە هێزی نەرم لە دروستکردنی وێنەی هزری پۆزەتیف بۆ گۆرینی رەفتاری بەرانبەر بەکاربهێنێت.

٥- ئاستی رەزامەندی بە هێزی نەرمی میدیای کوردی لەلایەن دەستەبژێری لە ئاستی رەزامەندیدا نییە.

٦- میدیای کوردی بۆ چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکان سود لە کاریگەری هێزی نەرمی میدیا وەك هێزێکی لەسەرخۆ و شاراوە وەرناگرێت.

## پێشنیاز و راسپاردە

## یەکەم: پێشنیاز

توێژەران لەژێر تیشکی دەرئەنجامەکاندا چەند پێشنیازێك دەخاتە رو:

١- میدیای کوردی بۆ چارەسەرکردنی بەشێك لە ململانێکاندا دەتوانێت سود لە هێزی نەرمی میدیا وەربگرێت.

٢- پێویستە ئاستی میدیای کوردی بگاتە ئەو ئاستەی ببێت بەسەرچاوەی زانیاری خەڵك بەگشتی و دەستەبژێرەکانی بە تایبەتی.

٣- پێویستە میدیای کوردی لە هەوڵی ئەوەدابێت کە لەرێگای هێزی نەرمی پەیامەکانیەوە وێنەی هزری پۆزەتیف نیشانی وەرگرەکانی بدات.

## دوەم: راسپاردە

توێژەران ئەوە بۆ توێژەرانیتر رادەسپێرێت کە بەهۆی ئەوەی ئەم بابەتە لەنێو میدیای کوردیدا تازەیە و بۆ بواری ئەکادیمی کوردیش بابەتێکی نوێیە ئەوا دەتوانن لە رێگای چەندین رەگەزی تری راگەیاندنەوە توێژینەوە لە هێزی نەرمی میدیا بکەن.

## سەرچاوەکان:

1- Nye, Joseph. S ( Autumn, 1990): Soft Power, Foreign Policy, No. 80, Twentieth Anniversary (), Published by: Washingtonpost.Newsweek Interactive, LLC, Article DOI: 10.2307/1148580, Article Stable URL: Link

2 – Wilson, Ernest J. (2008): "Hard Power, Soft Power, Smart Power", Annals of the American Academy of Political and Social Science, Vol. 616, Public Diplomacy in a Changing World (Mar., 2008), Published by: Sage Publications, Inc. in association with the American Academy of Political and Social Science, Article Stable URL: http://www.jstor.org/stable/25097997

٣- محمد، شريف على( ٢٠٠٩/١٠/١) : القوه الذكية فى الفكر الامريكى جوزيف ناى: القوه الذكية.مجلة كلية الملك الخالد العسكريهالالكترونية.

٤- ناي، جوزيف .س ( ٢٠١٠ ): الدبلوماسية الجديدة فى رسانة و القوه الذكية. المجله الاقتصادية الالكترونية، حقوق النشر: بروجيكت سنديكت.

٥- المنصوري,لؤى (٢٠١٩): القوه الناعمة، مؤسسة محمديون للثقافة والنشر.

٦- سليمان يمنى ( ٢٠١٦): القوه الذكية . المفهوم والآبعاد: دراسه تأصيلية،المعهد المصرى للدراسات، https://eipss-eg.org/wp-

7- Nye.Joseph S. (Mar., 2008): Public Diplomacy and Soft Power ,Jr Annals of the American Academy of Political and Social Science, Vol. 616, Public Diplomacy in a Changing World Published by: Sage Publications, Inc. in association with the American Academy of Political and Social Science Article Stable URL: link

8- Nye.Joseph S (May – Jun., 2003): Jr. "The Velvet Hegemon ",

Foreign Policy, No. 136 Published by: Washingtonpost.Newsweek Interactive, LLC, Article DOI: 10.2307/3183627, pp. 74-75.

9- Vasilevskyte.Simona ( 2013): "Discussing Soft Power theory after Nye: the case of Geun Lee's theoretical approach", Available on: http://vddb.library.lt/fedora/get/LT-eLABa-0001:J.04~2013~ISSN_2029-2074.N_7.PG_145-157/DS.002.1.01.ARTIC

١٠- عمر الكعود . اياد خلف (٢٠١٦): استراتيجية القوة الناعمة و دورها فى تنفيز اهداف السياسة الخارجية. عمان: جامعه شرق الاوسط.

١١- سمعود. الياس (٢٠٠٩): دور العوامل الخارجية فى التغيير فى سوريا: العامل الآمريكى،مجموعه مقالات ضمن كتاب التحول الديمقراطى فى سوريا والخبرة الإسبانية، ط١، مركز القاهرة لدراسات حقوق الانسان، القاهرة ،٢٤- ص٥٤. ١٧

١٢- الرفيعي .على محمد أمنيف (٢٠١٦):القوة الناعمة وأثرها في مستقبل الهيمنة الآمريكية، ط١، دار السنهورى، بيروت.

١٣- ناى. جوزيف س (٢٠٠٣): مفارقة القوة الامريكية، تعريب: محمد توفيق البجيرمى، ط١، الرياض، مطبعة العبيكان.

١٤- الدويكات. سناء (٢٠١٨): مفهوم الصراع السياسي.،رۆژی سەردان:7/3/2020. https://mawdoo3.com


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360